

# چۆن پارێزگاری لە قژی بۆیەکراو دەکەیت؟

هەمیشە قژ پێویستی بە گرنگی پێدان و ئاگادارییە، تا هەردەم جوان و سەرنجڕاکێش بێت، لە پاکراگرتن و لێدانی کرێم و سیشوارکردن و تەنانەت داهێنانیش گرنگیی خۆی هەیە. قژی ئاسایی و بۆیەکراو جیاوازی هەیە، ئەوانەی بەردەوام قژیان بۆیە دەکەن، پێویستیان بە گرنگیی زیاترە لەوانەی قژیان بۆیە ناکەن، کاتێك قژت بۆیەکراو دەبێ، ئەو کاتە ڕەنگی بۆیەکە سەراپای تەلە مووەکان دەگرێت و بەمەش داوەکان هەش و ناسکتر دەبن، ڕەنگە بە هۆی ئاگرێك، یان پلەیەکی گەرمی زۆرەوە، بۆیەکە نەمێنێت، پسپۆڕانی پرچ دەڵێن: بۆ ئەوانەی قژیان بۆیە دەکەن، چەند ڕێنماییەك هەیە، پێویستە بیگرنەبەر لەوانە: نابێت ئەو کرێمانە بەکاربهێنن کە دەوڵەمەندە بە ماددەی کیمیایی زۆرەوە، چاکترە سوود لە روونی بەرهەمهاتوو لە کەرەستەی سرووشتی ببینن، کە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر شێواز و ئارایشتی قژ هەیە، نابێت قژی بۆیەکراو بە ئاوی زۆر گەرم بشۆردرێت، قژی بۆیەکراو شامپۆی تایبەت بە خۆی هەیە، هەردەم کرێم و بەلسەم بەکاربهێنن، لە دوای خۆشووشتن ئوتووی کارەبایی کەم بەکاربهێنن، باشترە لە جیاتی کەوی کردن، لەفی بکەن.



## ئێکسسواری سەرەکی و لاوەکی

چەندین ئێکسسوار هەن، بەڵام زیاتر بۆ دوو بەشی سەرەکی پۆلێن دەکرێن، یەکەمیان: ئێکسسواری سەرەکییە کە بە پێی پێویستییە، واتە ئەوانەی کە پێویستە لەگەڵ جلوبەرگ و ماکیاژ یەك دەخرێن و شیك دەکرێن، ئەو جۆرە ئێکسسوارە بە سەرەکی دادەنرێن و پێویستە لەبەرت بێت، ئەگەر خۆت لەو جۆرە ئێکسسوارە بێبەش بکەیت، جوانیت دەشێوێت و نەقسێك لە شێوە و مۆدەکەتدا بەدی دەکرێت، وەك: گوارە، ملوانکە، بازن، ئەڵقە. جۆری دووەم: ئێکسسواری لاوەکییە، واتە تەنیا بۆ گونجاندنە، کە تەنیا بۆ ڕازاندنەوە و جوانیی زیاتر دەپۆشرێت، واتە ئەگەر لەبەریشیان نەکەیت، کاریگەری لەسەر جوانیت نابێت، وەك: دەسبەند، خشلی بچووك بە گوارە، ئەنگوستیلە، خلخاڵ، ئێکسسوارە لاوەکییەکان بۆ بۆنە و دەرچوون و گەشت دەپۆشرێن، لە ڕۆژانی ئاساییدا تەنیا ئێکسسوارە سەرەکییەکان بپۆشە. هەندێ لە ئێکسسوارەکان خۆیان لە نێوان هەردوو جۆردا دەدۆزنەوە، بۆ نموونە: گوارەی بازنەیی، ملوانکە کورت، بازنی بە کون.





## نەخش و سادەیی لە کراسی بووکدا

کچانی دەستگیراندار، یان ئەوانەی لە سەروبەندی هاوسەرگیریدان، بەهۆی خەریکبوونیان بە دابینکردنی کەلوپەل و کەرەستەکانی زەماوەند، زیاتر لە ئاستی ئاسایی خۆی نیگەران و دوودڵ دەبن، هەر بۆیە زۆر جار لە هەڵبژاردنی کراسی بووك تووشی هەڵە دەبن. دیزاینەر و ئامادەکاری جلی بووك، زوهێر مورادی لوبنانی، ماوە ماوە چەندین مۆدی ئەو جلە نمایش دەکات، کە نمایشی ڕاستەقینە و لەسەر خانمانەوە پێشکەشی هەوادارانی دەکات، لە دوا بەرهەمەکانی ئاماژەی بە کراسی بووکی سینگ کراوە لە سەرەوە و فراوانبوونی لە خوارەوە کردووە، کە بەشی خوارەوەی کراسەکە لە دوو پارچەی سەر یەك پێکدێت، یەکێکیان ڕوونە هاوشێوەی تووڵ وایە، بەشی خوارەوەش لە قوماشی سادە و لووسە، بەشە توولەکەی بە نەخش و نیگار ڕازاوەیە، تا نمایەکی جوان بە کراسەکە بدات، هەمان شێوە و دیزاین بۆ کراسی بووك دانراوە، بەڵام ئەوجارەیان بەپێچەوانەوە، واتە نەخش و نیگار لە بەشی سەرەوەدا هەیە و بەشی خوارەوەش سادەو ساکارە. دیزاینی ئەو دوو شێوەیە بەپێی خواستی داواکاری خانمی بووکە، هەر کامەی بە دڵ بێت، دەتوانێت هەڵیبژێرێت. هەردوو مۆدی ئەو جلە بووکە، تەسك و شێوەی بەدییە، واتە جەستەگرە و پێویستە سەر و خوارەوە لە ڕووی تەسکی و فراوانی پێچەوانە بن.




# دەوڵەتی کوردستان بەرجەستەبوونی ئیرادەی گەلێکی ئازادیخوازە

**ریفراندۆم بە سەرکەوتوویی و بێ دواخستن ئەنجام درا و بە چەندین کەرنەڤالی جەماوەری پێشوازی لێکراو بە دەنگی (بەڵێ) رۆحی شەهیدانی سەرفرازمان شاد کردو بە شانازییەوە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە ئامادەکارییەکی تەواو بۆ بونیادنانی دەوڵەتی سەربەخۆ بکرێت و وڵاتمان لەسەر هەیکەلییەتی نیشتمانێکی ئازاد و ژیانێکی شکۆمەند و سیستەمێکی مەدەنی و فیدراڵی بنیاد بنێین، تا هەمووان پێکەوە لە ژێر چەتری دەوڵەتی کوردستان بژین و خۆمان لە پروشکی ئاگری دوژمنان بپارێزین. زۆری نەماوە ئەو خۆرە هەڵبێت و تیشك و رووناکی بە سەر تارمایی و تاریکی و ستەمدا زاڵ ببێت، هەر لەو بارەیەوە ژمارەیەك لە هاووڵاتیان راوبۆچوونی خۆیان بۆ گۆڤاری گوڵان دەربڕیوە.**

**مەتین سەعدی:**

## دەوڵەتی کوردستان وڵاتێکی مەزن دەبێت



دەنگی (بەڵێ) واتە سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردستان، وڵاتێکی مەزن بەدەست دەهێنن، بۆ سەرکەوتنی ژیانی خۆمان، دەنگی بەڵێ فاکتەرێکە بۆ سەقامگیر و ئاوەدانی، لە مێژووی نەتەوەی کوردا کە سەدان ساڵە خێرمان لە خۆ نەدیوە، لە پاش ئەو (بەڵێ)یە تامی ئازادی و سەربەستی و مەردایەتی خۆمان دەدۆزینەوە، وەکو گەنجێك شانازی بە کورد بوونی خۆم دەکەن، داواکاریشم هەموو گەنجان و خەڵکی کوردستان کار بۆ سەربەخۆیی و دەوڵەتی کورد بکەن، تا وەك هەموو گەنجی جیهان لە خۆشگوزەرانی و ئارامی بژین، چونکە سەربەخۆیی مافی رەوای گەلی کوردە، ئەوە ئەگەر دەمانەوێت رێز لە خوێنی شەهیدان بگرین، با خاوەن دەوڵەت و سەربەخۆیی خۆمان بین، چونکە تەنیا بەم رێگەیە زامی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفال برەوێنینەوە، وڵاتی خۆمان شوناس و ناساندنی خۆمانە و پێویستمان بە دەوڵەتێکە تا بە خۆشی و ئازادی بژین.

**حەسەن جاف - ئەمریکا:**

## سەربەخۆیی تاجی سەرکەوتنی خەبات و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردە



سەربەخۆیی دەبێتە رووداوێکی گەورە لە مێژووی گەلی کوردستان و پێویستە هەموو ساڵێك یادی بکرێتەوە و ببێتە یادێکی مێژوویی بۆ کوردستان، چونکە تاجی سەرکەوتنی خەبات و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردە کە رووبارێك خوێنی بۆ رشتووەو قوربانی بۆ داوە. بێگومان بەشداریکردن لە ریفراندۆم و دەنگدان بە سەربەخۆیی دەبێتە هۆی لەدایکبوونی وڵاتە تازەکەی دنیاو شەکانەوەی ئاڵاکەمان لە پاڵ ئاڵای هەموو وڵاتانی دنیا لە نەتەوە یەکگرتووەکان، تا کوردیش ببێتە خاون دەوڵەتی خۆی وەك هەر نەتەوەیەکی دیکە، مافەکانی لەگەڵ دەوڵەتاندا دەستەبەر بکات. کورد شایستەی دەوڵەت و سەربەخۆییە، دەوڵەتێك کە تێیدا بە باشترین شێوە مامەڵەمان لەگەڵدا دەکرێت. وەکو کورد دەبینە خاوەن کیان و وڵاتێکی دیموکراسی و فیدراڵی و پەرلەمانی، ئەوکاتە بە بێ کێشە دەتوانین لەگەڵ هەر وڵاتێك پەیوەندی خۆمان پتەوترو باشتر بکەین، وەك هەموو نەتەوەکانی دیکەی جیهان نشونما بکەین و کیانی خۆمان بپارێزین و لە ژێر چەتری دەوڵەتی کوردستان ئازادنە بژین.





**بەختیار فریق ئاکرەیی:**

## بوونی خۆمان سەلماندو ئەو وەچەرخانە تۆمار کرا کە بڵێین بەڵێ بۆ سەربەخۆیی

هەر وەك چۆن خانوو پەناگە و پارێزوانی هەر تاکێکە، دەوڵەت و سەربەخۆیی چەتر و سایەی هەر نەتەوەییێکە، راستە لە ئایندەدا رۆژگاری دوورو درێژمان لە بەردەمە، بەڵام دەرفەتی هاوچەشنی ئەم جارە و لەم بارودۆخە زۆر ئاستەمە دووبارە ببێتەوە. دەنگدانی هەر تاکێك دووپاتکردنەوەی کوردبوون و نیشاندانی خوازیاری ژیان و گوزەران بوو لەم ناوچەیە، مێژوو زۆری لەگەڵ کردین با هەمووومان پێکەوە بەرەنگاری مێژوو ببین و بە روحی تۆڵەسەندنەوە بەرانبەری بوەستین، بوونی خۆمان بە ئامادەبوونمان لەسەر سندووقەکانی دەنگدان سەلماندو بە پەرۆشەوە ئەو خاڵە وەچەرخانە تۆمار کرا کە بڵێین بەڵێ بۆ دەوڵەت و سەربەخۆیی، بێگومان گرنگیی دەوڵەت لە بوونی پێگەیەکی بەهێز و شیاودایە، کە کورد لە دێرین زەمانەوە بە دەست نەبوونیەوە دەناڵێنێت، دەوڵەتبوون رێگرە لە نەهامەتی و دەربەدەری و ئاوارەبوون و کۆتاییهێنانە بە قەیرانەکان و ناخۆشی، شەکاوە بوونی ئاڵاکەمان لەناو ئاڵاکانی جیهان خۆی لەخۆیدا دەستکەوتێکە و سەپاندنی خودە لە پێگە بەهێزەکانی جیهان.



**حیکمەت بامەرنی - ئەمریکا:**

## بە چالاکیی جۆراوجۆر هەوڵی بەدەستهێنانی بۆچوونی پۆزەتیڤ لە کۆنگرێس دەدەین

دەوڵەتی کوردستان بە مافێکی رەوای میللەتەکەمانی دەبینم بۆ ئەوەی وەکو هەموو نەتەوەکانی جیهان بە سەربەستی بژین، ئەوەش هیوا و ئاوات و داخوازیی هەموو کوردپەروەرێکە کە بڕوای بە یەکسانی هەموو گەلان هەیە. ئێمە وەکو کورد گلەیی ئەوەمان هەیە لە زلهێزەکان کە غەدری گەورەیان لێمان کردووەو بەبێ ئارەزووی خۆمان دابەشیان کردووین، خاڵی دیموکراسی و ئازادی لە وڵاتە دیموکراسییەکان و پێشکەوتووەکاندا، ئازادی رادەربڕینە، کە دەرفەتە لە کوردستان زۆرە و دەتوانین بە ئازادی داهاتووی خۆمان دیاری بکەین. بەڵام جێگەی داخە ئەگەر لە پاڵ وشەی دیموکراسی و ئازادی رێگە لە ئازادیی تاك بۆ دەربڕینی رای خۆی بگیرێت. ئێمە وەکو رەوەندی کوردستانیان لە ئەمریکا و کەنەدا بە ئەرکێکی مێژوویی دەزانین کە بە تەواوی پاڵپشتی و پشتگیری لەسەرکەوتنی سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردستان بکەین، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین چالاکی وەکو پانێل و کۆنفڕانس ساز دەکرێت لە چەندین ویلایەتی ئەمریکادا بە ئاراستەکردنی نامە و نووسراو بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان و کاربەدەستانی ئەمریکا، تایبەت بە پرسی سەربەخۆیی بۆ بەدەستهێنانی بۆچوونی پۆزەتیڤ لە کۆنگرێس، هەروەها هەوڵدان بۆ هاندانی دۆستەکانی گەلی کورد بۆ رازیکردنی رای گشتی ئەمریکی لەسەر ئاستی ناوەندی بڕیار و کاریگەری راگەیاندنەکانیش بۆ لۆبی کردنی پرسی سەربەخۆیی کوردستان.




**سەرباز قازی:**


## ئەگەر دەوڵەتمان هەبێت چیتر ناموسمان لە بازاڕەکانی دەوڵەتانی بەناو ئیسلامی هەڕاج ناکرێت

ئەگەر چاوێك بە مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی گەلی کوردستاندا بخشێنین، هەر لەسەردەمی میرنشینەکانەوە بگرە تا شۆڕشەکانی شێخ مەحموودی نەمر و شێخ عەبدولسەلامی بارزان و شۆڕشی ئەیلوولی مەزن و گوڵانی پێشکەوتنخواز و راپەڕین، تا ئەو ساتەش کە ئێمە لە شۆڕش و رووبەڕووبوونەوەداین لەگەڵ چەکدارانی تیرۆریستی داعش، دەبینین کورد دوچاری دەیان کارەسات و تراژیدیا بۆتەوە، بەڵام تائێستاشی لەگەڵدابێت، دوژمنان سەرەتاییترین مافمان پێ رەوا نابینن و لەهەموو کون و قوژبنێکی ئەو جیهانە دەنگی نارەزایی بەرز بۆتەوە، جگە لە هەندێ دەوڵەتی خاوەن ویژدان نەبێ. بۆیە ئەمرۆ زۆر پێویستە ناکۆکییە سیاسی و ئایینی و ئایدیۆلۆژییەکان بەلاوە بنێین و هەموومان بە یەکەوە پشگیری سەرکردایەتی سیاسیی باشوری کوردستان بین، بۆ ئەوەی ئەو ئەزموونەی باشوور سەرکەوتوو بێت و ببێتە هاندەر بۆ پارچەکانی تری کوردستان و ئاواکردنی کوردستانی گەورە، چونکە ئەگەر ئێمە خاوەنی دەوڵەتی خۆمان بین، ئیتر دەبینە خاوەنی خاك و ئاو و ئاسمان و سامانی سەرزەوی و ژێر زەوی خۆمان، چیتر نەوتمان هەرزانفرۆش و ناموسمان هەڕاج ناکرێت لەبازاڕەکانی دەوڵەتانی بەناو ئیسلامی، هیچ رژێمێکی تری هاوشێوەی بەعس و داعش و هاوبیر و هاوزمانەکانیان، ناتوانن بە ئارەزووی خۆیان کۆمەڵکوژ و کیمیاباران و زیندەبەچاڵمان بکەن. بۆ ئەوەی خەبات و ماندوبوون و خوێنڕشتنی زیاتر لە سەدەیەکمان بەفیڕۆ نەڕوات، با ویژدانمان ئاسوودە بکەین و پلانی ناحەزانی کورد شکست پێ بێنین و خەونی لەمێژینەی هەموومان ببێتە راستی و بەرەو دەوڵەتی سەربەخۆ هەنگاو هەڵبگرین.

## یاری وێنە

لـەم وێنەیـەدا کۆمەڵێك بازنـەی بچـووك هـەن، لەنێویانـدا یەکێك لـە بازنـەکان دانەخراوە و لایەکی ماوەتـەوە، هەوڵبـدە لـە مـاوەی (٣٠) چرکـە بیدۆزیتـەوە.





### نوکـــتە

کەسێك لەبـەردەم تەلەفزیـۆن بـوو، سـەیرێکی گلۆپی کردو گوتـی: ئەگـەر ئەدیسـۆن نەبوایە ئەو کارەبایە جوانـەی داهێنـاوە، دەبوایـە ئێسـتا لـە پێش چرا و فانـۆس سـەیری تەلەفزیـۆن بکەیـن!

## بۆ زانیـــــاریت

### بۆچی ئاگر بە ئاو دەکوژێتەوە؟

هـۆکارەکان، یەکـەم: بەهـۆی ئـەوەی ئـاو مـاددە گڕگرتووەکـە سـارد دەکاتـەوەو پلـەی گەرمییەکـەی دادەبەزێنێت، هـاوکات وزەشـی لێدەبڕێـت تـا بـەردەوام نەبێت لـە سـووتان. دووەم : لەبەرئـەوەی ئـاو ئاگـر دادەپۆشـێت بـە چینێك لـە هەڵـم، ناهێڵێت ئۆکسـجین بگات بـە مـاددەی سـووتاوەکە، بەمـەش ئاگرەکـە دەکوژێتـەوە. پێویسـتە ئامـاژەش بـەوە بدەیـن، هەمـوو تەنێك پێویستی بـە ئۆکسـجینە تـا بسووتێت، ئاگر کارلێکێکی کیمیاییـەو لەئەنجامـی ئۆکساندنی خێرای سووتەمەنییەوە دروست دەبێت. ئەم کارلێکـەش دەست پێدەکات کاتێك سـووتەمەنییەکە تووشـی سـەرچاوەیەکی گەرمـی دەبێـت، یـان سـەرچاوەیەکی دیکـەی وزە. کەواتـە چـوار سـەرچاوە گرینگـن بـۆ گڕگرتنـی ئاگـر: ئۆکسـجین، سـووتەمەنی و گەرمـی، کاردانـەوەی زنجیرەیـی، بـەم چـوار شـتەش دەوترێـت، تێتراهایدرۆنـی ئاگـر. بۆیـە بـۆ کوژانـەوەی بڵێسـەی ئاگرێـك، پێویسـتە، یـان ئەوەتـا ئۆکسـجینی لێببڕیـت، یـان گەرمییەکـەی کـەم بکەیتـەوە، یانیـش سووتەمەنییەکەی نەهێڵیت. کاتێکیـش ئـاو فڕێدەدەینـە سەر ئاگرێك، مەرجی یـەك و دوو دێنێتـە دی، بەخێرایی دەهەڵمێت و ئۆکسـجین دەبڕێـت لـە سـووتەمەنییەکە و دەیخنکێنێت.

ئـاو $H_2O$ یـە و یـەك هایدرۆجیـن و دوو ئۆکسـیجینی تێدایـە، بـەڵام بـە بڕێکـی کـەم، بـە چەشـنێك نایێتـە هـۆی زیادبوونـی کارلێکەکـە، هەروەهـا پێویسـتە بزانیـن کـە ئۆکسـیجین بـەس خـۆی کارلێـك نـاکات، بەهـۆی ئـەو بەنـدەی دروسـتیکردووە لەگـەڵ هایدرۆجیـن. ئـەوەی جێـی سـەرنجە ئـاو بەکاردێت بـۆ کوژانـەوەی هەمـوو ئاگرێکـی گڕگرتـوو بـە سـووتەمەنی، وەکـو دار، یـان کاغـەز، یـان قومـاش، بـەڵام ناتوانیـن بەکاریبێنیـن بۆ کوژانـەوەی ئاگرێك کـە مـاددە سووتەمەنییەکەی چڕیەکـەی لـەو کەمتـرە، وەك زەیـت و نـەوت. هەروەهـا ناشـتوانین بـەکاری بێنیـن بـۆ کوژانـەوەی ئاگری کارەبا، چونکە ئـاو ماددەیەکی گەیێنـەرە و مەترسیی مردنت بـە کارەبا زۆر زیـاد دەکات (بۆیـە قـەد هەوڵمـەدە کارەبـا بـە ئـاو بکوژێنیتـەوە)، لـەم جۆرە ئاگرکەوتنەوانـەدا، دوانۆکسیدی کاربۆن، یان مـاددەی کیمیایی دی بەکاردێت.»



**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

خەریکی ژیانـی خـۆت بـە و ئـەو کارانـەی رابردووت بە جوانی جێبەجێ بکە. هەر چەندە ئەو کەسانەت لەبیر کردووە کە تۆیان خۆشدەوێ، بەڵام دڵنیابە ئەوان تۆیان لەیاد نەکردووە. بۆیە پێویسـتە گرنگیی زیاتر بە کەسانی نزیك و خۆشەویستانت بدەیت.



**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

یاری بە ژیانت مەکە و ئەوەی لەسەرتە هەوڵی بـۆ بـدە. نهێنییەکانـت بپارێـزە و خـۆت لـە کێشـە بـە دوور بگـرە، لـە کۆگێـك یـان گردبوونەوەیەکی گرنگ بەشداری دەکەی کە دەبێتە جێی گرنگی پێدانێکی باش. بیرو کاتت سەنگی خۆی دەبێت.



**جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠**

هەوڵی خەونەکانت بدە بە دووبارە هەنگاونان بۆ پلانەکانی پێشـووت، بە بەردەوامی گرفتەکانت بەرەو کۆتایی دەچن. باری دەروونیت تا رادەیەك ئارامە، دڵتەنگ مەبە باری داراییشت باشتر دەبێت و دڵنیابە داهاتووت باش دەبێت.




**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

مەهێڵـە کەسـانێك دەسـتکاری ژیانـت بکەن، ئـەوەی پێویسـتە کاری لەسـەر بکـە و خـۆت فەرامـۆش مەکـە، خـۆت بـە شـتی بچووکـەوە خەریـك مەکـە، لەبەر ئەوەی بەخت لەگەڵتە و خۆشـی رووت تـێ دەکات، خەمەکانیشـت کـەم دەبێتەوە.



**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

هەوڵی کەسێك کێشە و ناکۆکی بۆت دروست کردووە، کارەکانت بە جوانی بەڕێ بکە و ئەوەی پێویسـتە جێبەجێی بکـە، بـێ ئومێـد مەبـە، چونکـە بـەم زووانـە دەرفەتێکـی تـرت بۆ ڕێك دەکـەوێ و ئەگەر تۆزێك خۆت ماندوو بکەی، سەرکەوتن بەدەست دەهێنی .



**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

کەسـێکی نیازپاکـی و هەنـدێ جـار تـوورە بوونـت کێشـەت بـۆ دروسـت دەکات، کەسـێکی هێمـن و کراوەتـر بـە، ئـەم دوودڵـی و ڕاڕاییەت هیچ پێویستی بە پاکانەکردن نییە و ئەم ترسەت لەخۆڕاییە، ئامۆژگاری خێزانەکەت بۆ تۆ زۆر بەسوود دەبێت.





## کاریکاتێر

ئەو کاریکاتێرە باس لەوانە دەکات، کە قسەکردنیان مانای شەڕ و ناخۆشی دەگەیەنێت، کاتێک دەیانەوێت شتێک بڵێن، قسەکانیان دەبێتە مایەی پشێوی و جەنگ نانەوە.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

بڕیار لەسەر ژیانت بدەو ئەوەندە دوودڵی ناوێت، دەنا دەبینی کاتێك بە ئاگا هاتیتەوە لە نێو کۆمەڵێك کێشەدایت، هەوڵ مەدە ڕای خۆت بەسەر کەسانی دەوروبەرتدا بسەپێنی. لەوانەیە ئەمە زیانت پێ بگەیەنێ و گلەیی و گازاندەی هاوڕێکانت لەسەرت زیاد بکات.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

وازهێنان لە هەندێ نەریتی خراپت ژیانت بەرەو باشتر دەبات، هەوڵبدە زیاتر نزیکی خەڵك بیت و ئەوەندە دوورەپەرێز مەبە، دوو چاوپێکەوتنی گرنگ زۆر شتی چاکی لێدەکەوێتەوەو بۆ تۆ سوودەمەند دەبێت، هەواڵی خۆشت پێ دەگات لە بواری سۆزدارییەوە. ئەم هەلە باش بقۆزەوە.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

ئەرکەکانت بێزارت دەکەن، بەڵام ماوەیەکی دیکە بەرەو هەنگاوێکی چاك ڕێگە دەگریت. هەمیشە کەسێکی نزیکت ئاگاداری ژیانت بکە، کاتی خۆت بەفیڕۆ مەدە بە بیرکردنەوە لەو زەرەرو زیانانەی کە پێشتر لێت کەوتوون و تازە ناگەڕێتەوە، هەوڵ بدە بەخەونەکانت دەگەیت.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

خەریکە ژیانت تێکدەچێ و ماوەیەکی ناخۆش بەرێ دەکەیت، هیوای ئێستات بۆ داهاتوو گەورەیەو دڵنیابە جێبەجێ دەبێت، کێشە خێزانییەکەت ئەگەر زیرەکانە مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت، بەم زووانە کۆتایی پێ دێت و خۆشی لە دەرگات دەدات.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

کەسێکی دوودڵی و دەترسیت هەنگاو بنێیت، بەڵام لەگەڵ دەستپێکردنی هەنگاوەکان کارەکانت ئاسان دەبن، ئەنجامی ئەم جموجوڵەی دواییت روون نییە. بۆیە پێویستە دووبارە هەوڵ بدەیتەوە، چونکە ئەم کارە پێویستی بە بەدواداچوون هەیە.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

کەسێکی نزیکت کێشەت بۆ دروست دەکات و تۆش هەردەم هێمنی، بەرگری لە خۆت بکە و مەهێڵە بۆی بچێتە سەر، تۆ بەوە بەناوبانگیت کە نهێنیت لای کەس نادرکێنیت، بەڵام ئەم جارە تووشی بوویت و نهێنیت لای کەسێك درکاند، کە جێی باوەڕ نەبوو.